## پێڕست

**بەندی یەکەم**
بەشی یەکەم: بنەماڵە ........ ٩
بەشی دووەم: داروڤۆیی ........ ٢٥
بەشی سێیەم: وانەی یەکەمین، یەکەمین ماتەم ........ ٣٣
بەشی چوارەم: کۆشکی ئەندازیاران ........ ٤٤
بەشی پێنجەم: مردنی باب ........ ٥٩
بەشی شەشەم: ئیلهام و سەرۆ ........ ٦٥
بەشی حەوتەم: هەژاران ........ ٨٠
بەشی هەشتەم: ناوەندە ئەدەبییەکان ........ ٩٨
بەشی نۆیەم: ژنی خاوەنماڵ ........ ١١١
بەشی دەیەم: شکست و هەرەسهێنان ........ ١٢٧

**بەندی دووەم**
بەشی یەکەم: پیلان ........ ١٣٥
بەشی دووەم: زیندان ........ ١٥٤
بەشی سێیەم: سێدارە ........ ١٦٥
بەشی چوارەم: بێگارەزیندان ........ ١٨٣
بەشی پێنجەم: ئیلهام و کەشفی سێلایەنە ........ ٢٠٧
بەشی شەشەم: سیمیپالاتینسک ........ ٢١٨
بەشی حەوتەم: ماری دیمیتریڤینا ئیساییف ........ ٢٢٨
بەشی هەشتەم: نووسەری سەرباز ........ ٢١٥
بەشی نۆیەم: تڤیر ........ ٢٦٣

هەواڵنامەی کتێب

**بەندی سێیەم**


بەشی یەکەم: لە ڕۆژنامەوە بۆ یادگارییەکانی خانەی مردوان .......... ٢١٧
بەشی دووەم: یەکەم سەفەری ئەورووپا، مەسەلەی پۆڵۆنیا .............. ٢٩٠
بەشی سێیەم: دووەم سەفەر بۆ ئەورووپا، پۆلین سوسلۆڤا ............. ٢٩٧
بەشی چوارەم: یادداشتە ژێرزەمینییەکان، دوو مردوو ...................... ٣١٥
بەشی پێنجەم: بێوەپیاو ..................................................................... ٣٢٥
بەشی شەشەم: تاوان و سزا .......................................................... ٣٣٧
بەشی حەوتەم: ئانا گریگۆریڤنا ........................................................ ٣٥٥
بەشی هەشتەم: دۆستۆیڤسکی و ڕۆڵێت ............................................ ٣٦٨
بەشی نۆیەم: تاراوگە ...................................................................... ٣٨٣
بەشی دەیەم: گەمژە ........................................................................ ٣٩٧
بەشی یازدەیەم: مێردی هەمیشەیی، پێداچوونەوەی شەیتانەکان ...... ٤١٧
بەشی دوازدەیەم: شەیتانەکان .......................................................... ٤٣٤


**بەندی چوارەم**


بەشی یەکەم: هەرزەکار ...................................................................... ٤٥٩
بەشی دووەم: ڕۆژنامەی ڕۆژانەیادداشتەکانی نووسەرێک ................ ٤٨١
بەشی سێیەم: لەدایکبوونی برایانی کارامازۆڤ ................................ ٤٩٧
بەشی چوارەم: برایانی کارامازۆڤ ..................................................... ٥٠١
بەشی پێنجەم: ئاهەنگی ڕێزلێنانی پوشکین ...................................... ٥٢٨
بەشی شەشەم: کۆتایی ....................................................................... ٥٤٢

دوای مەرگ ......................................................................................... ٥٥٥
ژیننامەی هێنری ترۆیا ......................................................................... ٥٦٨


هەولێرنامەی کتێب

ئایینییەکەی خۆی، هەموو شتێک قبووڵ دەکات و لە هەنبەر هەر کەسێکدا سەر دادەنەوێنێت، دەقاودەق کۆپیی ئەو ئاکاکی ئاکاڤیچەیە، کە گۆگۆڵ لە چیرۆکی پاڵتۆدا بەرجەستە و جاویدانی کردووە. بەڵام قارەمانەکەی گۆگۆڵ، بە شێوە و سیمای خۆی، بەزەیی خەڵکی دەهاڕوژێنێت، بە بێتوانایی خۆی سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت و بە کەڵکی هیچ شتێک نایەت و زۆر بێسەروبەرە. لێ ماکار دیڤۆشکینی قارەمانی ڕۆمانەکەی دۆستۆیڤسکی، لە هەندێ ڕووەوە مایەی ستایشە، هەندێ تایبەتمەندیی وەک بەزەیی و فیداکاری و باسنەکردن و شاردنەوەی کڵۆڵی و بەدبەختیی خۆی، نیشانەی ئاستی باڵا و کەموێنەیی ئەخلاقی ئەون. نزمیی ئاستی ژیان کۆڵی پێ نادات، بەڵکو زیاتر هانی دەدات و متمانە بە خۆی پەیدا دەکات. نەگبەتی و بێبەختی و ساویلکەیی، لە دڵی خۆیدا دەشارێتەوە و لە ناخدا عەزاب دەچێژێت، بەڵام ناگاتە ئەو ئاستەی ببێ بە کاریکاتۆر و شێوەیەکی شێواوی دزێو پەیدا بکات.

کۆمەڵێک کارەکتەری لاوەکیی بێمانا لە دەوری قوت دەبنەوە، کە دیارترینیان باوکی پۆکرۆڤسکی، خوێندکارە سیلاوییەکەیە. ئەم پیرەمێردە، درۆزن و بەدفەڕ و خوێڕیلەیە، سۆز و خۆشەویستییەکی حیرەت و ترسامێزی بەرانبەر بە کوڕەکەی هەیە، ڕێزی سەربەخۆیی و خوێندەوارییەکەی دەگرێت. ئەویش لە ڕێگەی ئەم سۆزداری و تەوازوع و شەرم و حەیایەی خۆیەوە، قەرەبووی عەیبەکانی دەکاتەوە. لە یەکەم سەرنجدا، وا وێنا دەکرێت کە دەیەوێت خۆی خاکی و بچووک بتازەنێت، بۆیە گومانی ئەوە دەکرێت کە شەرم لە خۆی بکات، تاکە هەستێکی ڕاستگۆیانە و ئابڕوومەندانەی ئەم پیاوە، خۆشەویستیی بێپایانی بوو دەرهەق بە کوڕەکەی. نموونەیەکی دیکەی ناو ڕۆمانی هەژاران، گۆرچیکۆڤی کرێچییە. ئەمە تووشی گێچەڵێک بووە، داوایەکیان لەسەر تۆمار کردووە کە ئابڕوو و سەروەت و سامان و ئایندەی کەوتووەتە مەترسییەوە، بەڵام لە دادگادا تەبرێ دەبێت. کە حوکمی بەرائەت و بێتاوانییەکەی دەردەچێت، ئیدی لە هیچ شوێنێک توێتکە ناگرێت. بە ناو خەڵکی دەکەوێت و قسەی سەیر دەکات: "شەرەفی من... شەرافەت... شۆرەت، ناو و ناوبانگی باشی منداڵەکانم!" هەمان شەو، لە خۆشیدا دەمرێت.

پەروەردە دەبێت و پەیوەندی بە پانایيڤی نووسەرەوە دەکات، لە ماڵەکەی ئەودا ئاکنجی دەبێت و ژنەکەی لەخشتە دەبات و پازدە ساڵی تەواو لەگەڵیدا دەژی، هەروەها مێردە فریوخواردووەکە وا لێ دەکات ئیمتیازی گۆڤارێک بکڕێت و بە دووقۆڵی بەڕێوەی ببەن.

بە بۆچوونی ئەم شاعیرە، پێداهەڵگوتنی پرۆلیتاریا و فەندوفێڵی بازرگانی و کۆمەڵایەتی، نەک هیچ ناکۆکی و هەڤدژییەکیان لەنێواندا نییە، بەڵکو تەواوکەری یەکدین. دوژمن و ناحەزەکانی دەیانگوت مرۆڤێکی هەرزە و ئەهلی ڕابواردنە، دۆست و برادەرەکانی وەڵامیان دەدایەوە: "بە شێوەیەکی نائاگا ئەوە دەکات."

کاتێک گریگۆرۆڤیچ ڕۆمانی هەژارانی بۆ هێنا، نیکراسۆڤ وا خۆی دەتازەنێت کە مژووڵە و دەرفەتی گوێگرتنی نییە و حەواسی پەرتە، ئەنجام بە کەشوفشەوە قایل بوو کە دە لاپەڕەیەکی بۆ بخوێننەوە، بەو حیسابەی کە "هەرچییەک بێت، بە دە لاپەڕەیەک دەردەکەوێت کە بایی چەندە". گریگۆرۆڤیچ دەست بە خوێندەنەوە دەکات؛ دە لاپەڕە، بیست لاپەڕە، سی لاپەڕە، بەبێ هیچ وەستانێک دەخوێنێتەوە، هەر کە دەگەنە ڕێوڕەسمی ناشتنی خوێندکارە سیلاوییەکە، نیکراسۆڤ خۆی پێ ناگیرێت و لە خۆشیدا هاوار دەکات و جنێو دەدات. کە دەگەنە نامەی ماڵئاواییەکە، گریگۆرۆڤیچ جڵەوی فرمێسکی خۆی پێ ناگیرێت و لە هۆڕژنی گریان دەدات و ژێراوژێر تەماشایەکی نیکراسۆڤ دەکات و دەبینێت دەموچاوی لە فرمێسکدا هەڵکشاوە. چونکە نیکراسۆڤی بێپەروا و ئەهلی ژیان و ڕابواردن و قازانجی مادی، هێشتا دڵێکی تەڕی سەررێژ لە سۆزی هەبوو و لەوە گەنجتر بوو، بتوانێت جڵەوی خۆی بگرێت و بەخوڕ نەگری. گریگۆری کە ئەمە دەبینێت، لە کەیف و خۆشییان لە پێستی خۆی ناهێوری و دەڵێت: "دەبێ بە زووترین کات بڕۆین بۆ لای دۆستۆیڤسکی و مژدەی بدەینێ، بەڵام چ بکەین بە ئێستاشەوە و بێگومان خەوتووە." نیکراسۆڤ دەڵێت: "چ قەیدییە، با خەوتبێ، بیداری دەکەینەوە؛ ئەم هەواڵە بۆ ئەو لە خەو گرنگترە."

بەڵام دۆستۆیڤسکی نەخەوتبوو، هەموو شەوەکەی لای برادەرێکی بە خوێندنەوەی ڕۆمانی گیانە مردووەکان بەسەر بردبوو، بۆ جاری سەدەم،

قژخورماییدا،
وەک ئەستێرەیەک ڕاخوشیت،
کەپووت وەک تڕومپێت
لوول بوو و هاتەوە یەک
ئەوسا، بە بێدەنگییەکی تراجیدی
کەوتیتە تەماشاکردنی
ئەم شۆخە قژخورماییە و
خەریک بوو بمریت،
هەر باش بوو نەمردیت و
لە بەهاری تەمەندا،
گوڵی عومرت نەوەری..."

ئیدی ئەم پەخشانە بەو تۆنە بەردەوام دەبێت. دوو هاوڕێی تری دۆستۆیڤسکی بە کۆمەکی ئانانکۆڤ، زۆر چیرۆک و نوکتەی تەوسامێز و ناشیرین و نەنگین دەربارەی دۆستۆیڤسکی هەڵدەبەستن.

ئایا دۆستۆیڤسکی بەم تانەوتەشەرانەی نەدەزانی، یان خۆی لە گێلی دەدا و وای دەنواند کە پێ نازانێت؟ بەڵام ئەوەی خولیایە و چەندوچوون هەڵناگرێت، دۆستۆیڤسکی درێژە بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم دۆستانە دەدات و خۆی لە گێلی دەدات.

خانەوادەی پاناییڤ دەعوەتێکی دەکەن، ئەویش خۆی دەگۆڕێت، بۆن لە خۆی دەدات، وەک ئەوەی بۆ ژوانێکی ئەڤینداری بڕوات، بە هەشتاو بەرەو ماڵی وان دەچێت. خۆی بە هۆڵێکدا دەکات، کە لە بەر تیشکی درەخشانی ڕووناکی و ئاوێناندا، گەورەتر دێتە بەرچاو. مەدام پانادییڤ، بە نیگا هەڵیدەسەنگێنێت و ئەم ژنە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێت:

"مرۆڤ لە یەکەم بەرخورددا، بۆی دەردەکەوێت کە دۆستۆیڤسکی گەنجێکی ئێجگار عەسەبی و هەستیارە، کوڕێکی هەندێ لاوازی دەستەباڵا بوو. ڕەنگی زەرد و پێستی نەخۆش دیار بوو، بیلبیلەی بچووک و کەوەیی چاوەکانی، بە نیگەرانییەوە، بەسەر شتەکانی ناو ژوورەکەدا چاوی دەگێڕا، لێوە بێڕەنگەکانی دەتگوت پێکەوە دووراون. شوکر بۆ خوا کە زۆربەی هەرە

گەنجی وەک کلارا ئەلسوڤیڤنا، ترس و پەشۆکانی دەروونی نووسەر لە هەنبەر ژنانی وەک سیناڤنا یان مەدام پانایێڤ وەبیر دێنێتەوە. لە شوێنێکدا دەنووسێت: "ئاغای گولیادکین، ڕەنگ زەرد و لێوبەبار، تەواو گێژ بوو. لەوە دەچوو لەناکاودا شەکەتی بەسەریدا زاڵ بووبێ و بە زەحمەت دەیتوانی لە جێی خۆی بجووڵێت."

ئەمە گولیادکینێک، ئەدی گولیادکینەکەی دیکە، دۆستۆیڤسکی گوتەنی "گولیادکینە داگیرکەرەکە"، قەڵب و ساختەکە، کێیە؟ ئەویش هەر دۆستۆیڤسکییە؟ ئەویش دۆستۆیڤسکییە، ئەمەیان دۆستۆیڤسکیی سەرکەوتووە، پابەندی ئەتەکێتە کۆمەڵایەتییەکان، لە خەمی دۆستایەتیی خەڵکانی دیکەدایە. ئەو دۆستۆیڤسکییەیە کە دژی تەبیعەتی خۆی دەوەستێتەوە. ئیدی دووفاقیی کەسێتیی نووسەر زەق و ئاشکرایە؛ لەسەرێکەوە فیۆدۆر میخائیلۆڤیچی ڕاستەقینە، بچووک و خەمین و تووڕە و توندتەبیعەت، لەسەرێکی دیکەوە فیۆدۆر میخائیلۆڤیچی سەرمەستی سەرکەوتن و شۆرەت هەیە، کە پۆز لێ دەدات، لووتی بەرز دەگرێت، خۆی دەتازەنێ، بە خۆی دەفشێت و بە هەق و بە نەهەق، هێرش دەکات. فیۆدۆر میخائیلۆڤیچی ڕاستەقینە ڕقی لە هاوشێوە نەفرەتئەنگێزەکەی خۆیەتی، دەیکوڕهێنێ. وا هەست دەکات، لەوەیە ئەم هاوشێوەیە بە جۆرێ بەسەر تەبیعەتی ئەودا زاڵ بێت، کە کەسێتیی ڕاستەقینەی ئەو لە مەیدان وەدەر بنێت و بیسڕێتەوە. لەوە دەترسێت کە نەبا لەبەر خاتری بەدەستهێنانی ناوبانگ و شۆرەتی ئاسان و نەرمە قووت، بە جۆرێ بکەوێتە داوی تەبیعەت و تایبەتمەندیی هاوشێوەکەی خۆیەوە، کە تەبیعەت و تایبەتمەندیی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست بدات. دەترسێت، مل بۆ بۆچوونی ئەو خەڵکانە بدات، کە تەبیعەتی خۆڕسکی ئەویان قبووڵ نییە. بە کورتییەکەی، نووسەر لەوە دەترسێت کە بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، بە تەواوەتی بسڕدرێتەوە. کاتێک کە گولیادکینی ڕاستەقینە مەحو دەبێتەوە و دەسڕێتەوە "هووڕا و هاواری تیژ و نامرۆڤانی دژمنەکانی بەڕێی دەکەن". هەنگێ، هاوشێوە قێزەون و نەفرەتئەنگێزەکەی بەسەر حاڵ و ڕەوشەکەدا زاڵ دەبێت.

# بەندی دووەم

## بەشی یەکەم
## پیلان

شەڕی ساڵانی ١٨١٢ بۆ ١٨١٤، سەربازانی ڕووسیای گەیاندە ناوجەگەری ئەورووپا. ئیدی ئەفسەرانی سوپای داگیرکەر زۆر زوو، لە نزیکەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ فەرهەنگ و کولتووری ئەورووپادا پەیدا کرد و تامەزرۆی فێربوونی بوون. ئەو وڵاتانەی کە ماندوو و شەکەتی دەستی ستەمکاریی سوپایی ناپۆلیۆن بوون، بێدار بوونەوە و چاویان بە ژیانێکی جڤاکی و کۆمەڵایەتیی تازە کرایەوە. ڕێکخراوانی نهێنی لە فەڕەنسا، ئیتاڵیا و ئەڵمانیدا ڕووی لە زیادی کرد، وەک ڕێکخراوی چاربونری و توگندبوند و تا دوایی. کە سوپای ڕووسی گەڕایەوە بۆ وڵات، بە چاولێکەریی ئەو ڕێکخراوە نهێنییانەی ئەورووپا، کۆمەڵێک ڕێکخراو و کۆمەڵە دروست کران، وەک ڕێکخراوێن یەکێتیی باکوور، یەکێتیی باشوور و یەکێتیی سلاڤییان. ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لە سەرەتاوە ئاشکرا بوون، پاشان قەدەغە کران و بوون بە نهێنی. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە بریتی بوون لە خەڵکێن خانەدان و نەجبیزادە و فەرمانبەرانی گەورەی دەوڵەتی. بەرنامەی کار و پڕوگرامیان بریتی بوو لە داواکردنی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی، هەڵوەشاندنەوە و لابردنی ئەشکەنجەی جەستەیی، خەبات دژی ڕژێمی کۆنەپەرست و پاشکەوتووی ئەلکساندەری یەکەم. ئەلکساندەری یەکەم دژی ئازادیی کۆیلە و مسکێنەکان نەبوو، بەڵام لە ئاقیبەت و ئاکامی دانی ئازادییەکی بەپەلە و کتوپڕ دەترسا.

کوڕانەی کە لەماڵی ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵەکەشدا دەگیرێت. کە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، ئیدی هەرچییەکی لەو کۆڕ و کۆبوونەوەیەدا بینیوە و بیستووە، جوان تۆماری دەکات و دەیکات بە ڕاپۆڕت و ڕێک بۆ وەزارەتی ناوخۆی ڤڕێ دەکات. لیپراندی هەموو ڕاپۆڕتەکان دەخوێنێتەوە و تاووتوێیان دەکات و لە یەک شوێندا هەڵیاندەگرێت.

وێڕای ئەوەش، ئەو ڕاپۆڕتانەی کە دەربارەی گرووپەکەی پیتراشڤیسکی کۆ کراونەتەوە، هێشتا ڕاپۆڕتی ئاسایین و شتی بڤەیان تێدا نییە. بریتین لە ڕاوبۆچوونی ئاسایی و بێسەروبەر، ڕەخنە و ئیرادی سووک و بێ بنجوبناوان. ئانتۆنیلی زۆری پێ ناخۆش دەبێت. ئایا پیلانگێڕەکان خۆیانی لێدەپارێزن؟ یان هەر بەڕاستی خوێندکاری بێوەین و هیچی دی؟

ڕۆژێک دۆستۆیڤسکی دیدەنیی دورۆڤ دەکات، دورۆڤ کۆپییەکی نامە بەناوبانگەکەی بیلینسکی بۆ گۆگۆڵ، کە پێشتر باسی کردبوو، دەدات بە دۆستۆیڤسکی. پلیشیڤ ئەو نامەیەی لە مۆسکۆوە ناردبوو. دۆستۆیڤسکی کۆپی نامەکە بە پالم، بە مۆمبیلی و بە ئیڤانۆڤ پیشان دەدات و بەڵێن بە پیتراشڤیسکی دەدات، کە لە یەکێک لە هەینییەکۆڕەکانی ماڵی ئەودا بیخوێنێتەوە. ئەم بەڵێنە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٨٤٩دا دەدرێت. دۆستۆیڤسکی لە بەرواری ١٨٤٩/٤/١٥دا بەڵێنەکەی خۆی دەباتە سەر و نامەکە دەخوێنێتەوە. دۆستۆیڤسکی پاشان نکوڵی لەوە دەکات کە ناوەڕۆکی ئەم پەیام و نامە پڕ قین و بوغزەی قەبووڵ بووبێت. دۆستۆیڤسکی لە وەڵامی پرسوجۆی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا دەڵێت: "باشە ئەوەی کە ڕاپۆرتی لە من داوە، دەتوانێ ئەوە بڵێ کە من پەیوەندیم لەگەڵ کام لەم دوو نامەنووسەدا زیاتر بووە؟ بۆیە تکاتان لێ دەکەم کە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەن: ئایا دەشێت من نامەی کەسێک بخوێنمەوە، کە بە هۆی کۆمەڵێک ناکۆکیی ئایدۆلوجییەوە، پەیوەندیم لەگەڵیدا بڕیبوو (هەڵبەت ئەم پەیوەندیدابڕانەی ئێمە شتێکی نهێنی نییە و زۆر کەس پێی دەزانن). باشە ماقووڵە من نامەی ئەو بە سەرمەشقێکی پیرۆز و یاسا و ڕێسایەکی ئەوتۆ دابنێم، کە هەموو خەڵکی پەیڕەوی بکەن؟ من خوێندوومەتەوە، بەڵام هەوڵم داوە بێلایەنانە، بێ ئەوەی هیچ یەکێک لەم دوو نامەنووسە بەسەر ئەوی دیدا پەسەند بدەم."

# بەشی سێیەم

## سێدارە

تا بەرواری ١٨٤٩/١/٢١، زیندانییەکان هیچیان دەربارەی ئەو سزایە نەدەزانی کە بۆیان بڕابووەوە، کەس لێکۆڵینەوە و پرسوجۆی لەگەڵ نەدەکردن. بەرپرسان هیچ زانیارییەکیان نەدەدانێ. ئایا بەو زوانە ئازاد دەکرێن؟

لە بەرواری ١٨٤٩/١/٢٢دا، نزیکەی سەعات شەشی بەیانی، گەنجەکان لە دەنگی هەندێک پێیان کە نزیک دەبنەوە، خەبەریان دەبێتەوە. ئیدی دەنگی فەرمانان دێ، دەنگی تەقوهۆڕی پاژنەی پێڵاوان دێت، ڕینگ و هۆڕی شمشێر بەرز دەبێتەوە. ئەوسا کلیلێک دەخرێتە کێلوونی دەرگەکە و بادەدرێت. دەرگە دەکرێتەوە، ئەفسەرێکی پۆلیس لەگەڵ سەرپەرشتیاری زیندانەکەدا وەژوور دەکەوێت. داوا لە زیندانیانی هەموو ژوورەکان دەکەن کە خۆ بگۆڕن و جلکی مەدەنی لە بەر بکەن. ئیدی گرووپەکەی پیتراشڤیسکی یەک دوای یەک بەرەو دەرگەی دەرەوە دەبەن.

هێشتا لە ئاستانەی دەرگەکە وەدەر ناکەون، کە هەوایەکی سارد دەچزێت بە دەموچاوی دۆستۆیڤسکیدا، دەکەوێتە لەرزین. بەدەم لەرزینەوە دەڕوانێتە ڕووناکیی کزی ئەو بەیانییە تەمومژاوییە. لە ناو حەوشی زیندانەکەدا، کۆمەڵێک گالیسکەی کرێ، بە ڕیز وەستاون. ئەسپی جەندرمە و پۆلیسەکان بەدەم جموجۆڵەوە سمکۆڵان دەکەن، دەنگی سم و زین و قایش و قرووش و گێز و گوڵینگ لێرەولەوێ دەنگ دەدەنەوە. پیاوانێک بە جلکی فەڕمیی شینباوەوە بە ڕاست و چەپدا دێن و دەچن.

کاتێک کریڤتزۆڤ خۆی بە هۆڵەکەدا دەکرد، گڕ لە چاوانی دەبووەوە، بەدەم جوێن و قسەی ناشیرینەوە کەفی دەپرژاند، کام زیندانییە زۆر بەورە و دلێر بوو، لە ترسان وەک منداڵ دەلەرزی. جاری وا هەبوو لە نیوەشەودا ڕادەبوو، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە داماوە بپشکنێت و پرسوجۆ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات. هەڵبەت مامەڵەی پەز و ئاژەڵانی لەگەڵ دەکردن. ئیدی بە قژی بژەوە، مەست و خومار، لە ناوەندی خەوتنگەکەدا دەوەستا، لە کاتێکدا بە خۆی لە مەستیدا لەتری دەدا، باسی زیان و خراپیی بادەنۆشیی بۆ زیندانییەکان دەکرد.

دۆستۆیڤسکی لە نامەیەکیدا بۆ براکەی، لەبارەی ئەو پیاوەوە دەڵێت: "هەندێ جار جناوی بە زیندانییەکان دەدا، کە بۆچی لەسەر تەنیشتی ڕاست نەخەوتوون، یان بۆچی بەدەم خەوەوە هاواریان کردووە یان وڕێنەیان کردووە." سزای زیندانییەکان هەمیشە هەر هەمان سزا بوو؛ دارکاری. کریڤتزۆڤ مانگانە،ڕاپۆرتێکی دەربارەی ڕەفتار و ئەتواری زیندانییەکان دەنووسی و بۆ ئیدارەی باڵای دەنارد.

سکاڵای زیندانییەکان هەمووی کۆ دەکرایەوە، پاشان ئەو تاووتوێی دەکردن و داوەریی دەکرد. ئیدی خۆی هەمەکارە بوو، دەیتوانی زیندانی لە سزا ببەخشێت، یان کارێکی هێندە قورس و تاقەتبەری بەسەردا بدات، کە لە بنیدا دەرنەچێت و بمرێت. جارێک فەرمانی دا سەد دار لە کابرایەکی پۆڵەندیی پەنجاساڵە، کە کاتی خۆی مامۆستای زانستگە دەبێت، بدەن. تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم بەدبەختە کاتێک گەیوە، زیندانیی ناوبراو گوتبووی: "خۆ ئێمە دزو ڕێگر نین، ئێمە زیندانیانی سیاسین."

دۆستۆیڤسکی و دۆرۆڤ، هەمان ئەو ڕۆژەی کە دەگەنە ئەوێ، دەبرێنە بەردەم کریڤتزۆڤ. خۆیان لە بەردەم دێوێکی ترسناکدا دەبیننەوە. دەپرسێت:

- تۆ ناوت چیە؟

- دۆرۆڤ.

- ئەی تۆ؟

- دۆستۆیڤسکی.

قەدیس، چونکە زۆری تازەژ و نزا دەکرد. یەکێکی دیکەیان بۆگۆسلاڤسکیی ناو بوو، زیندانییەکان نازناوی نەخۆشیان لێنا بوو. هەروەها دوانی دیکە هەبوون بە ناوەکانی تۆکارچیڤسکی و میرتیزکی، ئەم دوانەش پێش ئەوەی بۆ سیبریا ڕەوانە بکرین، لە زیندانیدا دارکاری کرابوون. بەڵام ئەوانەش نە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دۆستۆیڤسکیدا هەبوو و نە خۆشیانیش دەویست.

ئەم پۆڵەندییانە خەڵکانێکی ناسیۆنالیستی پۆڵەندی بوون، ڕقیان لە ڕووسیا و هەموو ڕووسێک بوو. بە شانازییەوە، لە هەر بۆنەیەکدا، بە ئاشکرا ئەم ڕق و نەفرەتەی خۆیان دەردەبڕی. ئەمانە دانیان بەوەدا نەدەنا کە دۆستۆیڤسکی کەسێکی سۆسیالیست یان دیموکرات و تەنانەت کەسێکی لیبڕاڵ و ئازادیخوازی پێشڕەو بێت. بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دۆستۆیڤسکی کەسێکی لاوازی بێنموودی بێشەخسیەتی نەفسنزم بوو. هەرگیز ئەوەیان قبووڵ نەبوو کەسێک کە بە تۆمەتی تاوان دژی ئاسایشی وڵاتەکەی و بە فەرمانی تزار حوکم درابێ، دوور خرابێتەوە، هەزار جۆرە زەبوونی و کەساسی و داماوییەک تەحەمول بکات و بەو سەرما و سەهۆڵبەندانە، ببێ بە هاوزیندانیی ئەو هەموو پیاوکوژ و دز و چەتانە و هیچ گلەییەکی لە دەسەڵاتی ناوەندی نەبێت و بە ڕزگاری و بەخششێکی مەسیحایی بزانێت. ئەم ملکەچییەی دۆستۆیڤسکی، لە ئاست ئەو هەموو ڕیسوایی و زەلیلی و ئەو زوڵمە زۆر و زەبەندەی لە خەڵک دەکرا، بە لای ئەم پۆڵەندییانەوە کارێکی بێهودە و ناماقووڵ بوو، وای لێ دەکردن ڕقیان لە دۆستۆیڤسکی ببێت و بیبوغزێنن.

وێڕای ئەوەش، دۆستۆیڤسکی لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بوو و بە ڕاستی بوو کە هیچ ڕقێکی لەو کەسانە نەبوو کە ڕۆژیان گەیاندبوو بەو ڕۆژگارە و ژیانیان وێران کردبوو.

لە ژیاندا هەندێ جەزرەبە بە مرۆڤ دەکەوێ، کە هەر جۆرە کاردانەوە و بەرەڤانییەک لە هەنبەریدا بێسوودە و جگە لە ملکەچی و تەسلیمبوون، هیچ چارێکی دیکە نییە. ئەم جۆرە جەزرەبانە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوپەڕی نەگبەتی و بەدبەختی. ئیدی هەستی مرۆڤانیمان دەبزوێ، قسە دەکەین، گوتار دەنووسین، بەرەڤانی لە مافی خەڵکی دەکەین، لەناکاودا دەستێکی قورس بەسەرماندا دەکێشێت، لە هاوارمان دەخات و هیچ بوونێکمان بۆ نایەڵێتەوە،

کە هەست دەکەین ئیدی تەواو، هیچ نین، مەیدان بۆ خەڵکی دی چۆڵ دەکەین، ڕێگەی دەدەین لەجیاتیی ئێمە گەمە بکات، بدۆڕێنێ، بباتەوە، ئیدی ئایندە شادی یان کلۆڵیی ئێمە دابین دەکات. بەڕاستی لەوە گەوجیتر نییە، کە مرۆڤ بیەوێ هەمیشە ڕۆڵی یەکەمی هەبێت. بەڕاستی بێشەرمییە کە مرۆڤ بیەوێ بەسەر چارەنووسدا زاڵ بێت!

بەڵێ، هەندێ جار ئامادەیی خوا لە دڵدا هێندە بنجبڕ و بەڵگەنەویستە، هێندە ئاشکرا و خویایە، هێندە ترسناک و لە هەمان کاتدا هێندە خۆشە، کە لە ژیانی تایبەتی خۆتت جیا دەکاتەوە، دوورت دەخاتەوە. ئەم حاڵەتە لەگینە چەند سەعاتیک، چەند ڕۆژیک یان چەند ساتیک بەردەوام بێت، پاشان وەک ئاورێک کە بە لایەکی تردا بیدەیتەوە، یان هەوسارێک لە دەستت بەر بێ، بەو ئاوایە بەرت دەدات و هەنگێ مرۆڤ بە خۆی لە هەموو شتێک بەرپرسە، دەبێ کار بکات، ڕەفتار بکات، جگە لە خۆی پشت بە کەسی دی نەبەستێت؛ تراجیدیای ڕاستەقینەی مرۆڤ لێرەوە دەست پێ دەکات.

هەموو قارەمانەکانی دۆستۆیڤسکی، لە گەرمەی ڕوداوەکاندا تووشی ئەو حاڵەتی خەونی کتوپڕ و بێئاگایی و پاشان وەهۆشهاتنەوانە بوون و وەک خودی خۆی جەڕباندوویانە.

بۆ نموونە، ڕاسکۆلنیکۆڤ کاتێک لێ دەبڕێت پیرەژنە سووخۆرەکە بکوژێت، هەست دەکات ئازای ئیفلیج بووە، بە جۆرێ جڵەوی خۆی لەدەست بەر بووە، وەک ئەوەی کەسێکی دی فەرمانی پێ بکات و نەتوانێ لە هەنبەر ئەم فەرمان و فەرمانەدا، هیچ بەرەنگارییەک بکات: "وەک ئەوەی کە خۆی بەرەو لەسێدارەدان ببەن، وەک ئەوەی داوێنی پاڵتۆکەی لە مەکینەیەکەوە گیرابێ و خۆی و پاڵتۆکەی هەڵبلووشێ." بەڵام دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، ئیدی مەکینەکە خاو دەبێتەوە و کابرا دەردێتەوە و لەسەر پێی خۆی دەوەستێ و خۆی دەتەکێنێ و هەست بە ئازادی دەکات. بەڵام مەحکووم ئێستا هەر خۆیەتی، بەبێ ئەوەی چ کەسێک تاقیبی بکات، هەڵدێت.

دۆستۆیڤسکی توانیی لە ئەزموونی تاراوگە بە سەرکەوتووی دەربچێت، واتە بەسەر ئەزموونی تاراوگەدا زاڵ بێت، چونکە لە هەوەڵەوە خۆی بۆ ئامادە کردبوو. پاشان توانیی بگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆی و ببێتەوە بە

چریکە و دەنگی گۆرانی و سترینی کیژە قەرغیزیان، بەدەم بایە ساردەکەوە، لەوبەری ڕووبارەکەوە دەگەییە ئەمبەر. لە دوورترەوە ڕەشماڵێک دیار بوو، کە زۆر بە هێمنی دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە و دەچوو بە ئاسماندا، ژنە قەرغیزییەک، بەدەم کارکردنەوە، لەو دەوروبەرەدا، چاودێریی پەز و بەرخەلەکانی دەکرد. هەموو شتێک بۆنی ئازادیی لێ دەهات؛ زیندانییەکان بەدەم کارکردنەوە، باسی ئازادی، هەڵاتن و ڕەڤین، ژیانی ئاسوودە و سادەیان دەکرد. لە کەنار ڕووبارەکەدا، لە بەینی بەردەکان و لە درزی تاوێرەکاندا، گوڵ و گیا ڕوابوون. زیندانییەکان کە ئەو دیمەنە جوانانەیان دەبینی، دڵیان دەگوشرا، بیریان لەوە دەکردەوە چۆن لە لەزەتی ژیان بێبەش دەبن و عومری شیرینیان بەبا دەڕوات.

دۆستۆیڤسکی حەزی دەکرد بەفری بەردەم تەلاری شارەوانی بماڵێ، بێڵەکەی دەستی تا دەستکەکەی لە بەفرە نەرم و شلەکە ڕۆ دەچوو. لەگەڵ هەر ڕاوەشاندنێکی بێڵەکەدا بڕێک بەفر و گەردی سپی دەچوو بە ئاسماندا، دیسان بێڵەکە لە تۆپەڵێک بەفری درەخشان ڕۆ دەچوو. بەدەم ئەم کارەوە پیاو خۆی لەبیر دەکرد، تا ڕادەیەک ئەو کۆت و زنجیرەی پێیە بریندار و ڕووشاوەکانی لەبیر بەرێتەوە. دەتوانێ بۆ ساتێک وا خەیاڵ بکات کە ئازادە. بەڵام لەناکاودا، فەرمانێک وەئاگات دێنێتەوە، دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکە ببی، سەروگوێلاکی خۆت بتەکێنی و بچیتە ڕیزەوە و جارێکی دی بە مەبەستی سەرژمێری بۆ ئۆردووگا بگەڕێیتەوە.

هەندێ جار، هەندێ لە خەڵکی شار، لەسەر ڕێگەی کاروانی زیندانییەکان دەوەستان و لە ڕووی بەزەییەوە، یەک دوو کوپیکیان بە یەک دوو زیندانی دەدا.

دەسەڵاتە ناوچەییەکان، جگە لە مێجەر کریڤتزۆڤ، هاوسۆزییان لەگەڵ دۆستۆیڤسکیدا هەبوو. ئیدی سەرچاوەی ئەم هاوسۆزییە، یەکەم ئەوە بوو کە نەخۆش بوو و مجێزی تەواو نەبوو، دووەم ئەوە بوو کە دۆست و هاوڕێکانی چ لە سان پتروسبۆرگ و چ لە تۆبۆلسک، بەردەوام خەڵکانیان ڕادەسپارد چاویان لێی بێ و ئاگەداری ببن. ئەوە بوو ڕۆژێک بانگیان کرد و کاری قەڵەمییان لە ئیدارەی زینداندا پێ سپارد. ئیدی ئەم کارەی پێ خۆش بوو، سێ

ڕۆژنامەی فەڕەنسی، کە بە زەحمەت پەیدا دەبوو. ئەم تەنیایی و گۆشەگیرییە بۆ دۆستۆیڤسکی خراپترین عەزاب و ئەشکەنجە بوو. خۆزگە بە لای کەمەوە توانیبای تەماس و پەیوەندی لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەیدا هەبێت، بەڵام نامە و نامەکاری، جگە لە هەندێ حاڵەتی ئاوارتە و ڕیزپەڕی زۆر گرنگ، لە زیندانییانی بێگارەزیندان قەدەغە بوو. میشێلیش لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە بەرچاو و گومانی لێ نەکرێت و سزا نەدرێت، نامەی بۆ سیبریا نەدەنارد. ژنی هێنابوو و ببوو بە باوک و خاوەن منداڵ. ماوەیەک بە ناهەق و بە غەدر حەپس کرابوو و ئێستا دەترسا نامە بنووسێت و خۆی بخاتە بەر گومان و براکەشی بخاتە مەترسییەوە.

دۆستۆیڤسکی پاش ئازادبوونی لە تاراوگەی ئۆمسک، نامەیەکی پڕ گلەیی ئێجگار ناسک و کاریگەر بۆ براکەی دەنێرێت و دەڵێت: "پێش هەموو شتێک تو زاتی خوا، بۆچی تا ئێستا تاکە یەک دێڕت بۆ من نەنووسیوە؟ هەرگیز چاوەڕوانی شتی وام لە تۆ نەدەکرد. من لە ڕێگەی ئیدارەی خۆمانەوە نامەیەکم بۆ تۆ نارد، بێگومان پێت گەییوە، چاوەڕوانی وەڵامی تۆ بووم، تا ئێستا هیچ وەڵامێکم پێ نەگەییوە. تۆ بڵێی نامەنووسینیان بۆ من لێ قەدەغە کردبێت؟ بەڵام خۆ نامە قەدەغە نییە، هەموو زیندانییە سیاسییەکان ساڵانە چەند نامەیەکیان بۆ دێت. دۆرۆڤ چەند نامەیەکی پێ گەییوە. خەیاڵ دەکەم هۆی ڕاستەقینەی ئەم بێدەنگییەی تۆ بزانم؛ مەسەلەکە پۆلیسە. تۆ لەبەر تەممەڵیی خۆت نەچوویتە بۆ فەرمانگەی پۆلیس، تا لەو ڕووەوە زانیاری بەدەست بێنی. یان ئەگەر چووبیشی، ئەوا کارمەندێکی خەشیم و هیچنەزان، پوولێکی پێوە ناویت و بەڕێی کردوویت و پێی گوتوویت قەدەغەیە و تۆش باوەڕت کردووە."

پاشان میشێل لە نامەیەکی بەرواری ١٨٥٦/٤/١٨دا، بەم جۆرە پاکانە بۆ ئەو هەڵوێستە نەرێنییەی خۆی دەکات: "من دوای سێ مانگ لە ڕۆیشتنی تۆ، هەوڵم دا مۆڵەتی نامەنووسین بۆ تۆ وەربگرم. خوا شایەدە، کە چەندم تەشەبوز بەم و بەو کردووە، بەڵام هیچم بە هیچ نەکرد. ڕووم دەکردە هەر شوێنێ، بە ناوی یاساوە دەستیان بە ڕوومدا دەنا و دەیانگوت تا زیندانییەکە لە بێگارەزیندانەدا بێ، مەحاڵە ڕێ بدرێت نامەی بۆ بنێردرێت. سەبارەت

فەوجەکە لە کۆیلەی نەخوێندەوار، سەربازانی پیشەیی و مەحکوومان بە دوورخستنەوە، پێک هاتبوو. ئاستی ڕۆشنبیریی ئەم ئۆردووگا سوپاییە، هەرگیز لە ئاستی ڕۆشنبیریی ناو تاراوگەکان بەرزتر نەبوو. ئیدی دۆستۆیڤسکی جارێکی دی کەوتەوە ئەوەی ژیان لە هۆڵێکی پیس و بۆگەندا، لە ناو قەرقەشە و کێشماکێشی دەوروبەردا، لە ناو خەوی دەستەجەمی و زووڕابووندا بجەڕبێنێ.

هاوسێ خەوی دۆستۆیڤسکی، گەنجێکی حەڤدەساڵان بوو لە هەمان فەوجدا، ناوی کاتز بوو. دۆستۆیڤسکی ئەم کوڕەی کرد بە هاوڕێ و برادەری خۆی. متمانەی بەدەست هێنا و پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد، کە دەغیلەیەکی هابەش بۆ مەسرەفی خۆیان دابنێن. ئیدی کارەکانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد، بە نۆرە دەچوون بۆ ناو شار هەر پێویستییەکی خۆیان بکڕن، یان دەچوون بۆ مووبەقەکە تا کەلەرم و ساوار بۆ خۆ بێنن. بە نۆرە جلی یەکدیان پاک دەکردەوە و نیتاق و کەمەربەندە ئەستوورە سوپاییەکانی یەکتریان ڕەونەق دەدا. کاتزا، توانیی لە ڕێگەی پاشەکەوتەوە، سەماوەرێک بکڕێت، ئیدی دۆستۆیڤسکی لەوە بەدواوە، زۆر جار لەجیاتیی خۆراکی خراپی سفرەخانەی گشتی، نانەکەی خۆی بە چەند کوپێک چاوە دەخوارد. ئەو خواردنەی لەو فەوجەدا بە سەربازان دەدرا زۆر خراپ بوو، لە ناچاریدا نەبوایە نەدەخورا. بودجەی فەڕمیی هەر نەفەرێکیش، تەنیا چوار کوپیک بوو. جا فەرماندەی سریە و ژمێریار و بەرپرسانی موونە، بە لای کەمەوە کوپیک و نیوێکیان لەو چوار کوپیکە دەدزی. جا ئەم دەڵەدزییە بۆ دزەکان، ساڵانە بڕی حەوتسەد و چلوچوار ڕۆبڵی دابین دەکرد. دیارە ئەم قاچوقووچە لە شارۆچکەی سیمیبالاتنیسکدا لە کەس شاراوە نەبوو، بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەبوو بە گژیدا بچێتەوە و ناڕەزایی دەرببڕێت.

دۆستۆیڤسکی، لە هەوڵی بێوچاندا بوو کە دۆستایەتی و متمانەی هاوڕێکانی بەدەست بێنێ. لە کار و بێگارییاندا یارمەتیی دەدان، لەو خۆراکانەدا، کە لە دەرێی ئۆردووگایەکە پەیدای دەکرد، بەشی دەدان. هەندێ جار پارەی بە قەرز دەدانێ. بەرپرسەکانی لێی ڕازی بوون، چونکە هەندێ لە هاوڕێیانی تاراوگەی ئۆمسک ستایشیان کردبوو، ئیدی ڕێگە درابوو لە

دۆستۆیڤسکی، لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٥دا، پەخشانێکی نووسی، هەمان ئەو پەخشانەی کە پێشتریش ئاماژەمان کردێ. ئەم پەخشانەی پێشکەش بە شابانۆی ڕووسیا کرد. جەنەڕاڵ گاستفۆرد بەمە دەزانێت و داوا دەکات کە لەبری ئەوە پلەی دۆستۆیڤسکی بەرز بکرێتەوە، پلەی مولازمی بدرێتێ، هەڵبەت لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەدا: "وەک هاندانێک بۆ ئەو ڕەفتارە شایستەیەی کە نواندوویەتی. وەک ڕێزێک بۆ ئەو پەشیمانییە ڕاستەقینەیەی کە سەبارەت بە هەڵە گەورەکانی سەردەمی گەنجیی خۆی، دەربڕیوە."

لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٥دا، دۆستۆیڤسکی پلەی مولازمی پێ درا.

فیۆدۆر میخائیلۆڤیچ، لەساڵی ١٨٥٦دا پەخشانێکی دیکەی نووسی، ئەم جارەیان لە مەدح و ستایشی تزار ئەلکساندەری دووەمدا بوو. ئیدی پەخشانەکە دایە دەست جەنەڕاڵ گاستفۆر، کە دەچوو بۆ ڕێوڕەسم و ئاهەنگی تاجگوزاری. هەروەها کۆپییەکی هەمان پەخشانی بۆ بارۆن ڤیرانگیل نارد و تکای لێ کرد کە لە ڕێگەی خۆیەوە بیگەیەنێتە خاوەنشکۆ گاستفۆر، پەخشان و داخوازییەکەی دۆستۆیڤسکی دەدات بە جەنەڕاڵ سۆخوزانیت و سۆخوزانیت فەرمان دەکات کە بەرواری وەرگرتنەکەی لای خۆی تۆمار بکات و پێی بڵێ چاوەڕوان بکات. بەڵام دۆستۆیڤسکی بێ ئەوەی چاوەڕوان بکات، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٨٥٦دا، پەنا وەبەر جەنەڕاڵ تۆتلۆبینی فەرماندەی فیرقەی ئەندازە دەبات. برایانی تۆتلۆبین، کاتی خۆی لە خوێندنگەی ئەندازیاراندا، دۆست و هاودەورەی بوون. بەڵام تۆتلۆبین، شۆرەت و ناوبانگێکی پەیدا کردبوو. ئەم خوێندکارەی جارانی خوێندنگەی ئەندازیاران، لە گەمارۆی سباستوپۆلدا، عەگیدی و دلاوەییەکی شایستەی نواندبوو و سەرنجی تزاری ڕاکێشابوو و نازناوی کۆنتی پێ بەخشیبوو.

دۆستۆیڤسکی نامەیەک بۆ ڤرانگیلی دۆستی دەنووسێت و دەڵێت: "من جاران ئەم پیاوەم زۆر باش دەناسی. براکەی هاوڕێی منداڵێتیم بوو. چەند ڕۆژێک بەر لە گرتنەکەم، تووشی بووم، چاک و خۆشی و تەوقەیەکی گەرموگوڕمان کرد، باوەڕ ناکەم منی لەبیر کردبێت."

ئیدی نامەیەکی دوورودرێژ، بە شێوازێکی زۆر نەرم و پڕ موجامەلە و خاکەساری بۆ تۆتلۆبین دەنووسێت: "دەترسم کاتێک کە چاوت بە ناو و

داون. جیرەجیرِی عەرەبانەکە سەعاتە رِێیەک دەرِوات. لە ناکاودا، لە پێچێکدا، دۆستۆیڤسکی چاوی بە عاموودێکی دارین دەکەوێت، کە نیشانەی هەڵۆیەکی دووسەری بەسەرەوەیە؛ ئەمە نیشانەی سنووری ئاسیایی–ئەورووپایی رِووسیایە. عەرەبانچییەکە ئەسپەکانی رِادەگرێت، رِێبوارەکان لە عەرەبانەکە دادەبەزن.

بەرِاستی ساتێکی پرِ شکۆیە. ئەم هێڵە بۆ دۆستۆیڤسکی مانایەکی تایبەتی هەیە؛ دە ساڵ لەوەوپێش بە هەمان هێڵدا تێپەرِیبوو و بۆ تاراوگە و بێگارەزیندان رِۆیی بوو، کەچی ئەوەتا وا جارێکی دی خۆی لە هەنبەر هەمان هێڵدا بینییەوە. ئەوسا کە بەم هێڵەدا تێپەرِی بوو، پێ بە کۆت و زنجیر، نەخۆش و دەغەزار بەرەو زیندان و تاراوگە دەرِۆیی. بە درێژایی ماوەی زیندانەکەی، بەو ئومێدە ژیابوو کە جارێکی دی بە ئازادی پێ بنێتە خاکی رِووسیا و هەنووکە ئەو ئاوات و ئومێدەی هاتبووە دی. فیۆدۆر میخائیلۆڤیچ، شەپقەکەی دادەکەنێ، نیشانەی خاج دەکێشێت، بە سادەیی دەڵێت: "سەرئەنجام خوا، تەمەنی دام، کە جارێکی دی ئەم خاکە ببینمەوە."

لە نزیکی عاموودەکەوە، کوختەیەکی بچووکی پاسەوانێکی سنوور هەبوو، کە کابرایەکی نەخۆش بوو. دۆستۆیڤسکی بانگی دەکات. لە ناو پریاسکە و بوخچەکانی خۆیەوە، قاپێک مەشرووب دێنێتە دەرێ. هەنگێ ئەوانەی کە لە دونیایەکەوە بۆ دونیایەکی دی دەرِۆن، لەگەڵ ئەو کەسەدا کە لەو خاڵە مەرزییە جێگیرە دەمایەوە، پیاڵە پێکدا دەدەن.

هەنگێ دۆستۆیڤسکی لەگەڵ ژنەکەی و کورِی ژنەکەیدا، دەچن بۆ ناو لێرەوارەکە و دەکەونە تووترِک چنینەوە.

منی بۆ لای تۆ ناردووە، ئەم فەرمانەی پێ کردووم کە 'پێی بڵێ وەک چۆن کوڕێک نامەیەک بۆ بابی ڕۆحانیی خۆی دەنووسێت، نامەیەکی ئاوام بۆ بنووسێت.'" هەروەها باکونین، ئەم نەهلیستە پیشەییە (نەهلیست، کەسێکە کە هەموو شتێک ڕەفز دەکات. نەهلیستان کەسانێک بوون کە دابونەریت و خوو و خدە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕەفز دەکردەوە. ئەم وشەیە یەکەم جار بەم مانایە لە ڕۆمانی باوکان و کوڕانی تۆرگینیڤدا، بەکار براوە و سیفەتی بازارۆڤی قارەمانی ئەم ڕۆمانەیە)، کە هەموو دابونەریتێکی ڕەت دەکردەوە، لایەنگری یاخیبوون و ئاشووبی جیهانی بوو، مل بۆ ویستەکەی شا دەدات و دانپێدانانامەیەک بەم ناوەڕۆکە پڕ دەکاتەوە: "بەڵێ، گەورەم من لە بەردەم تۆدا دانی پێدا دەنێم، وەک چۆن خەڵکی لە بەردەم باوکێکی ڕۆحانیدا دانپێدانان دەکەن و چاوەڕوانی بەرەکەتی نزای خێر و بەخشینی ئەو، نەک هەر لەم دونیادا، بەڵکو لەودونیاش دەکەن. لە خوا دەپاڕێمەوە، کە ئیلهامی وشەی سادە و ڕوون و ڕەوانم پێ ببەخشێت، وشەی ڕاستگۆ و دوور لە هەر ڕووبینییەک، وشەگەلێک شایستەی ئەوە بن، بگەنە دڵی خاوەنشکۆتان."

بەو جۆرە، هیچ جۆرە شەرم و شەرمەزارییەک لە نێوان تزار و ڕەعیەتەکانیدا نەبووە. میر دۆلگۆرۆکی، بە خەتی خۆی لە پەراوێزی عەرزوحاڵەکەی دۆستۆیڤسکیدا، ئەم ڕستەیە دەنووسێت: "تزار، سەبارەت بە پۆڵ ئیساییف دەستووری داوە، کە بە لایەنانی پەیوەندیدار بسپێردرێت. سەبارەت بە دۆستۆیڤسکییش، داواکەی قبووڵ کراوە."

لە بەرواری ١٨٥٩/٢/٢٥دا، فەرمانداری تڤیر، بە فەرمی لە بڕیارەکەی تزار ئاگەدار دەکرێتەوە. چەند درەنگ! چاوەڕوانی لە بەردەرگەی بەهەشتدا، ناخۆشترە لەوەی پیاو لە ناوجەرگەی دۆزەخدا بژی. دۆستۆیڤسکی نامەیەک بۆ ڤیرانگیل دەنووسێت: "دوایی باسی ڕابردوو دەکەین، باسی ئەو ڕۆژانەی کە ژیانێکی خۆشمان هەبوو، باسی سەردەمی سیبیریا دەکەین، کە ئێستا زۆر لام شیرین بووە." هەڵبەت بۆ تەحەمولی ئەم ڕەنجی دووریە، یان بە گوتەیەکی دی، تەحەمولی تاسەی گەیشتن بە شادی، پێویست بوو کە هاوسەرەکەی مدارای بکات، هاوبەشی خۆشیی بکات. بەڵام ماری نەخۆش بوو، ئەم نەخۆشییە مجێزی تەواو تێک دابوو، زوو تووڕە دەبوو، بیانووی

دەورانی منداڵێتی بەسەریدا زاڵە. میللەتی ڕووس لە ئاستانەی دەرگەی مێژوودا، چاوەڕوانی هاتنە ژوورەوەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێ؛ ڕووسیا ئەورووپا ڕزگار دەکات.

وێڕای ئەم جۆرە هزرینەش، دەبینێ کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٦٣وە، هەر هەموو ئەورووپا دژی ڕووسیا وەستاوە. کاتێک لە ساڵی ١٨٥٦دا تزار دێت بۆ وارشۆ، داوا لە هاووڵاتییانی پۆڵەندی دەکات کە ڕابردوو فەرامۆش بکەن. پێی گووتبوون: "دەبێ دەست لە خەیاڵپڵاوان هەڵگرن، من لەو باوەڕەدام کە ئێوە هەرگیز ناتوانن بەختەوەر بن، تا پۆڵۆنیا وەک فینلەندا، پەیوەندی نەکەن بەو ماڵباتە مەزنەوە کە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیای دامەزراندووە."

لە ساڵی ١٨٦١دا، بڕیارێکی پادشایی دەرچوو، کە بەگوێرەی بڕیاری ناڤبری، پۆڵونیا هەقی ئەوەی هەیە ئەنجوومەنێکی دەوڵەتی لە ئەندامانی پۆڵەندی دابمەزرێنێ و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ، ئەنجوومەن پێک بهێنن و بە هەڵبژاردن تازەنەری خۆ هەڵبژێرن. هەروەها بەگوێرەی ئەو بڕیارە، مافی ئەوەیان درایە کە دادگاکان، خوێندنگەکان، کاروباری کڵێسەیی و ئایینی بخرێتە هەڵبژاردنی لیژنە و ئەنجوومەنی تایبەتی پۆڵۆنییەوە. ئیدی پۆڵەندییەک بە ناوی فیلیۆپۆلسکییەوە، کرا بە سەرۆکی دەزگای کارگێڕیی وڵات و دۆقی گەورە کونستانتین نیکۆلایۆڤیچ، کە بە کەسایەتییەکی لایەنگری ئازادی و ڕیفۆرم بەناوبانگ بوو، بە جێگری پادشای پۆڵۆنیا دانرا.

فیلیۆپۆلسکی پیاوێکی میانڕەو بوو، بەڵام لە پۆڵۆنیاشدا وەک ڕووسیا، نەرمکێشی و میانڕەویی ڕژێم، ئاگری تووڕەیی خەڵکانی ناڕازیی نەک دانەدەمرکاندەوە، بەڵکو بڵێسەی پێ دەدا. ئەو چاکسازی و مافانەی لە لایەن تزارەوە کران و دران بە پۆڵەندییەکان، بە نیشانەی لاوازیی حکومەت لەقەڵەم دران و لێک درانەوە. ئەوە بوو، پیلانێک لە دژی کونستانتین نیکۆلایۆڤیچ لە پۆڵۆنیادا گێردرا. ئەنجام لە بەرواری ١٨٦٣/٢/١٦دا، بە ئاشکرا ئاگری ڕاپەڕین بڵێسەی بەرز بووەوە. کۆمەڵێک لە شۆڕشگێڕان، لە شوێنانی جیاوازەوە، چ لە پۆڵۆنیا و چ لە لیتوانیادا، پەلاماری سوپای ڕووسیایان دا. ئەوە بوو زۆر بە توندی بەرپەرچی یاخییەکان درایەوە و سەرکوت کران. لە لیتوانیادا،

دەداتەوە و دەڵێت: "پوشكین بۆ نەوەی ئێمە برێک کۆن بووە." دۆستۆیڤسکی دەئاڵۆزێت، هاوار دەکات، هەڕەشەی تۆران و ڕۆیشتن دەکات و ئەنجام لە ماڵەکە دەڕوات. بەڵام بۆ سبەینێ بە ژێوانی دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەوەش، شەوێک کاتێک کە سۆنیا، خوشکەچکۆلەیان، سۆناتای پاتیتیکی، کە دۆستۆیڤسکی ئارەزووی لێ دەکرد و سۆنیا لەبەر خاتری ئەو فێری ببوو، لێ دەدا. ئاننا و دۆستۆیڤسکی لە هۆڵە چکۆلەکەدا ڕازونیازی تایبەتیان دەکرد.

دۆستۆیڤسکی لەبن لێوانەوە دەڵێت: "من هەر لە یەکەم دیدارەوە خۆشم ویستی. ئارەزوو دەکەم لێم تێبگەی و ئەوە بزانی کە ئەمە تەنیا دۆستایەتییەکی سادە نییە، بەڵکو ئەشق و ڤیانێکی جیددییە و سەرتاپامی گرتووە."

بەڵام ئاننا دەترسا چارەنووسی خۆی بەم پیاوە بلیمەت و نەخۆشەوە گرێ بدات و خوازگارییەکەی ڕەت کردووە. ئەوان بە دەنگی نزم قسانیان دەکرد، بەڵام سۆنیا، دەستبەرداری پیانۆلێدانەکەی دەبێت و گوێ بۆ قسەکانی ئەوان هەڵدەخات.

ئەم کیژە چکۆلە چواردەساڵانە، شێتانە دۆستۆیڤسکیی خۆش دەوێت، ڕەفتار و مانۆڕەکانی خوشکە گەورەکەی خۆی بەدڵ نابێت. ئیدی دۆستۆیڤسکیی داماو و بەلەنگاز، بە پشتی چەماوەوە، دەرگەی ماڵەکە دەکاتەوە، تا بەرەو دونیای تەنیایی خۆی بڕوات. بەڵام دۆستۆیڤسکی کە لە ڕۆمانەکانیدا، توانیبووی بەو زەبەردەستییە پەی بە قووڵایی دەروون و ڕۆحی کیژانی وەک نیتوچکا و نیللیی کۆرپەکچ بەرێت، ئێستا نەیدەتوانی ڕوخسار و ڕەفتاری سۆنیای کۆرپەکچ، کە بە نیگا دۆستۆیڤسکیی بەڕێ دەکرد، بخوێنێتەوە و بچێتە بنجوبناوانی.

قەدەری سۆنیا وا بوو کە ببێت بە زانایەکی زۆر بەناوبانگی ماتماتیک، بە ناوی سۆفیا کۆڤالیڤسکی، بەڵام ئاننا، بیرو هزرەکانی خۆی لەو بارەیەوە کە دەبێت ببێ بە هاوبەشی ژیانی پیاوێکی گەورە، بەم جۆرە هێنایە دی، کە شووی بە پیلانگێڕێکی فەڕەنسایی بە ناوی جاکولار کرد، کە مەحکووم بە لەسێدارەدان بوو و لە قەڵایەکی نزیکی سنووری ئەڵمانیادا زیندانی بوو.

# بەشی حەوتەم

## ئانا گریگۆریڤنا

ئانا گریگۆریڤنا، بەرواری ١٨٦٦/١٠/٤، بەیانی زوو لەماڵی داکوبابی خۆی، لە سنیتکین، وەدەر دەکەوێت و لە فرۆشگەیەکی سەر شەقامی گاستینی دڤۆر، چەند قەڵەمێک و جانتایەکی چکۆلە دەکڕێت و بە کوچەوکۆڵانی ستالارینیدا بەرەو ماڵی دۆستۆیڤسکی دەڕوات.

ئانا گریگۆریڤنا، کیژێکی گەنجی بیستساڵانی ڕەنگوڕوو کاڵی چاوگەشە. جووتێ چاوی کەوەیی گەشی هەن، کە شادی و ڕاستگۆییان لێ دەبارێت. کیژی ماڵێکی خانەدان و سەلار و سەنگینە. قۆناغی دواناوەندیی ماری، بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و میداڵێکی زێڕیان بەو بۆنەیەوە داوەتێ. دایکی بۆیە قایل بوو کە ئانا وەک سکرتێر و توندنووس لای کابرایەکی نووسەر کار بکات، چونکە بابی ئانا، کە لە ژیاندا بوو، بە تاسەوە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەی دەخوێندەوە و ستایشی دەکرد. ئەم دۆستۆیڤسکییە کێیە؟ دەبێت هاوچەرخی بابی بێت؟ ئایا پیاوێکی قەڵەوی سەر ڕووتاوەیە؟ یان کەسێکی باریک و بنێس و درێژداهۆڵی زۆر سەختگیر و جیددییە؟ ئانا لە بیری ئەمەدایە: هاوکاری لەگەڵ نووسەرێکی بەناوبانگی وەک دۆستۆیڤسکی کارێکی سەیرە! بە کیژێکی گەوج و گێلۆکەی نەزانێ. ئایا دەتوانێ باسی کتێبەکانی خۆیی لەگەڵدا بکات؟ ناوی هەندێک لە قارەمانانی هەژارانی لەبیر ماوە، ناوی هەندێکی دیکەیانی لەبیر چوون. باشە ئەگەر دۆستۆیڤسکی ناوی ئەو قارەمانانەی لێ بپرسێت، چی بڵێت؟ بڵێ لەبیری چوون یان خۆی لەگێلی بدات؟

شپرزە کردووە، کە هەندێیان نەک هەر ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە، بگرە هەر ناویشیان نەبردووە. هەندێی دی تووڕە بوون و بە ئاشکرا ناڕەزایی و بێزاری خۆیان دەربارەی دەربڕیوە. بۆنیتی ڕەخنەگر، دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێت: "خوایە! ئاغای دۆستۆیڤسکی لەم ڕۆمانەدا، کە لەڕاستیدا خراپترین بەرهەمی ئەوە، چ ڕاوەگۆییەکی نەکردووە. یەک دونیا بابەتی ئەدەبیی ئاڵۆز و بێسەروبەر و نامەفهوومی بەسەر یەکدا هەڵڕشتووە، کە یەک دونیا مجێز و تەبیعەتی مرۆیی و بوویەر و ڕووداوانی ئاڵۆزکاوی، دوور لە هەر بایەخێکی هونەری تێترنجاندووە. ئەم کارەی ئاغای دۆستۆیڤسکی چەندین لاپەڕەی ئاڵۆزی لەخۆ گرتووە، کە کورم دەوێ لێیان تێبگات!"

وا دەتازەنێ کە دەیەوێت بڕوات، منیش واز لە یەکەم کڕیار دێنم کە بڕوات. بەڵام نوێنەری کتێبفرۆشییەکە هەڵوەستەیەک دەکات و دەڵێت: 'دەی ئەگەر نابێت، باشە قەیدی نییە.'

هەنگێ پارەکەم دەداتێ. ئیدی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ دەبم، سی کۆپیکی پارەی ئەو گالیسکەیەی کە پێی دەڕواتەوە بۆ دوکان، بۆ دەگێڕمەوە." سەودا و مامەڵەکانی خانم زۆر سەرکەوتوو دەبێت. ئانا تا کۆتایی ساڵ سێ هەزار نوسخە دەفرۆشێت و تەنیا پێنجسەد نوسخە دەمێنێتەوە، کە لە ساڵانی دواتردا دەفرۆشرێن.

لەو ماوەیەدا، لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٨٧٢دا، میرمیچیرسکی، خاوەنی ڕۆژنامەی هاووڵاتی، سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی خۆی بە مووچەیەکی ساڵانەی سێ هەزار ڕۆبڵی بە دۆستۆیڤسکی دەسپێرێت. شکست و ناکامیی ڕۆمانی شەیتانەکان، پەرچەکردارێکی ئەوتۆ لای دۆستۆیڤسکی دروست دەکات، کە تا مردن دژایەتیی بیری لیبرالیزم بکات. ماوەیەک بوو لە بیری ئەوەدا بوو کە گۆڤارێک بە ناونیشانی ڕۆژانەیادداشتی نووسەرێک، دەربکات، تا بتوانێ بیروباوەڕ و تۆڕینی خۆی دەربارەی دیاردە و ڕووداوە جڤاکییەکانی ئەو قۆناغە، لەو گۆڤارەدا دەرببڕێت. بەڵام ئەم پیشنیازەی میرمیچیرسکی کردییە کارێک، ئەم خەونەی خۆی بە شێوە و ڕێگەیەکی دی پراکتیزە بکات. لەجیاتیی گۆڤارێکی سەربەخۆ، گۆشەیەکی گرنگی لە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بەربڵاو و بەسەنگ و ئیعتباری دەکەوێتە بەردەست. پێشنیازەکەی میر پەسەند دەکات. دامودەزگای سانسۆریش ڕازی دەبن کە دۆستۆیڤسکی ببێت بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاووڵاتی، بەڵام "بەو مەرجەی بە وردی چاودێریی هەڵوێست و چالاکییەکانی ئایندەی ئەم پیاوە بکرێت". ئەو گرووپە ئەدەبییەی لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان دەکرد، بریتی بوو لە کۆمەڵێک نووسەری ڕاستگەرای توندڕەوی وەک مایکۆڤ، فیلیپۆف، ستراخۆڤ، بیلۆڤ و تا دوایی. ڕەوت و ڕێبازی ئەم بڵاوکراوەیە بە شێوەیەکی گشتی محافەزەکارانە و دژەئەورووپاییانە بوو. بە هاتنی دۆستۆیڤسکی، زۆر محافەزەکارانەتر بوو.

بکاتەوە. کەواتە بۆ سەپاندنی شادمانییەکی تازە بەسەر ئەورووپادا، چار هەر ئەوەیە پەنا وەبەر هێز ببرێت. باشە مەزەبی کاتۆلیک حاڵی حازر جۆرە یەکێتییەکی لە ئەورووپادا ئیجاد نەکردووە؟ نەخێر، کاتۆلیک مەسیحی فەوتاندووە. دامودەزگای پاپاوییەت لە ڕۆما، داوای دەوڵەتداری و موڵکداریی دونیایی دەکات و پاشان دێتە سەر ئایین. دیارە ئەمە هەڵوێستێکی نائایینییە، دەوڵەتدارییە. هەر ئەم ڕێبازەیە کە "بەر بڕیاری دیکتاتۆرییەتی ڕەهای ڕۆمای لێ کەوتووەتەوە. دەبێ پاپا سەرۆک و هەمەکارەی ئەم دامودەزگایە بێت". بەڵام لە ئەرتەدۆکسییەتدا بە پێچەوانەوە، داوای یەکێتیی ئایینیی هەموو تیرەی مرۆ لە سایەی مەسیحدا دەکات، پاشان دێتە سەر یەکێتیی ڕامیاری و جڤاکی، کە خۆبەخۆ لەو یەکێتییە ڕۆحانییەوە دروست دەبێت. بە نۆڕینی دۆستۆیڤسکی، ئەم دوو قۆناغە لە سیستمی کڵێسایی کاتۆلیکدا ئاوەژوو بوونەتەوە. هەڵبەت ئەمە خۆی لە خۆیدا بیانوو و هەنجەتێکی باش بوو، کە لەو سەردەمەدا دۆستۆیڤسکی قەڵس و تووڕە بکات.

بەڵام لەوە غافڵ بوو کە بانگەوازەکەی خۆیشی، واتە بانگەوازی مەسیحیەتی ڕووسی، لە بانگەوازی کاتۆلیکەکان، کە بەلای ئەمەوە مەحکووم بوو، زیاتر لە فەلسەفەی مەسیحییەت دووری دەخستنەوە. لەوە غافڵ بوو کە بەوەی مەسیح لە قاڵبی نەژا دو نەتەوەی ڕووس دەدات، چەند پایەی ئەو بچووک دەکاتەوە. دۆستۆیڤسکی لێرەدا، شێتاتییەکەی شاتۆڤ دەکات بە هیی خۆی، هەمان بیانوو و هەنجەتە بێبنجوبناوانەکانی کارەکتەرێکی ڕۆمانەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە. بێگومان لە ڕوانگە و دید و نۆڕینی مەسیحەوە، تێکڕای تیرەی مرۆ، گەلی هەڵبژاردەیە. بەڵام لە دید و نۆڕینی نووسەرەوە، هەموو تیرەی مرۆ، جگە لە میللەتی ڕووس، گوفتاری خوایان فەرامۆش کردووە. ئیدی ئەرکی میللەتی ڕووسە، کە گوفتار و کەلامی خودا وەبیر مرۆ بێننەوە. دونیا لە ڕووی ڕۆحانییەوە، دەبێ پشت بە میللەتی ڕووس ببەستن و چاویان لەوان بێت کە ئاڵای شکۆ و نەمریی خوا بەرز ڕابگرن، ئەمە سێیەم دەسەڵات دەبێت، دەسەڵاتی بەر بڕیاری نەزم و نیزام و دادوەری، لە سایەی پان سلاڤیزمدا بە ڕابەریی ڕووسیا.

وەستاوەتەوە، چونکە بە دید و نۆڕینی کڵێسە، ئازادی لەگەڵ تەبیعەتی مرۆڤدا تێک ناکاتەوە. وێڕای ئەوەش، ڕاز و پەڕجووی ڕاستەقینەی مەسیح، ڕازی ئازادییە. ڕەنج و عەزابی مەسیح، تەنیا لەپێناوی ئەمەدا بووە، کە مرۆڤ ئازادیی هەڵبژاردنی تەواوی هەبێت. ئەگەر حەقیقەتی خودایی بە تۆبزی و زۆری سەرکەوتبا، ئیدی ڕۆحی مرۆڤ، بۆ دۆزینەوەی خوا و چوون بەلای خوادا پێویستی بە خۆشەویستی نەدەبوو. بەڵام کاتێک ئەم حەقیقەتە خواییە لەخاچ درا، زەلیل کرا، پارچەپارچە کرا، تفباران کرا، ئیدی هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو کە خۆی بسەپێنێ. مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە، واتە ئەشکەنجەی مەسیحەوە، ئێمان نایەنێ، بە خوایشتی خۆی ئێمان دێنێ. بڕیاری ئیمانهێنان لە بەرانبەر ئەم مەسیحە مردووەدا، کە وەک هەموو مردووەکانی دیکەیە، کارێکی تەواو ئازادانەیە. دۆستۆیڤسکی، بۆ جۆرە ئیمانێکی وا ئازاد، ئیمانێکی نامەفهووم و لە باری لۆژیکییەوە ناپەسەند، هانمان دەدات. با بزانین هەڵوێستی دروستی ئیڤان کارامازۆڤ، بەرانبەر بە مەسەلەی خوا چییە: ئیڤان تەفسیری غەیبانی بۆ دونیا ڕەفز دەکات. هەموو ئازار و ڕەنجێکی تیرەی مرۆ دێنێتە بەرچاوی خۆی. بە بۆچوونی ئەو پاداشتی کردەوەی مرۆڤ لەودونیا، پاکانە نییە بۆ ڕەنج و عەزابی ژیانی ئەمدونیا. دەڵێت: "بۆ کەسێک کە لە منداڵیڕا تا دەمرێت عەزاب بکێشێت، چ سوودێکی هەیە کە زاڵمان و ستەمکارانی لەودونیا بە ئاگری دۆزەخ بسووتێن یان هەر جۆرە عەزاب و ئەشکەنجەیەکی دی بدرێن؟" هەروەها دەڵێت: "جا ئەگەر دۆزەخێک هەبێت، ئیدی میانڕەوی و هەماهەنگی لە سیستمی خیلقەتدا چ مانایەکی هەیە؟ من دەمەوێ هەموو کەسێک ببەخشم، لێبوردە بم، ئاشتیخواز بم. نامەوێ هیچ عەزاب و ئەشکەنجەیەک بۆ تیرەی مرۆ هەبێ و بمێنێ."

شرۆڤەکەی کڵێسە لەم بارەیەوە زۆر سادەیە، بریتییە لەم پرەنسیپەی کە "شتێک دەدەیت و لە بەرانبەردا شتێک وەردەگریت". بەڵام ئەم پرەنسیپە و وەڵامە قەناعەتبەخش نییە. پێویست بە پرەنسیپێکی دیکە هەیە. بەڵام چ پرەنسیپێک؟ دەڵێت: "من چۆن بتوانم خوایەک درک بکەم، کە زۆر لە ئاستی درککردنی من باڵاترە."

